# پرسیارێکی ڕەوا لە هەر سەرۆکێك ؟

**كامیل ژیر**

خوێندكارێكی كۆلیجی ڕۆژنامەگەری ، پرسیارگەلێكی ئاراستەی سەرۆكی روسیاكرد :

- ئیستا ولا تمان لەبارودۆخیكی گرژی شۆرشگێرانەدایە ، ئایا تۆ ئامادەی شانبدەیتە بەر بەرپرسیارێتی خۆت ؟ ئایا تۆ ئامادەی لەبەردەم دادگایەكدا بەرگری لەبریارەكانت بكەی ئەگەر شۆرشیك بەرپابوو لە روسیا ؟ ئایا تۆ ئەوە ئەزانی كە ئەشێ فەرمانی لەسیدارەدانت بەسەردا بدرێ ؟ ئایا تۆ ئامادەی بوێرانە ئەوە قبوول بكەی وەك سەدام حسەین ؟ یا هەوار ئەگویزیتەوە بۆ كۆریای باشوور !؟

سەرۆكی روسیا د یمیتری میدفیت بە شڵەژاوییەوە بە مجۆرە وەلامیدایەوە :

- هیچ هۆیەكنیە بۆ هەلگیرسانی شۆرشیك لە روسیا، من لەهیچ ناترسم ، كاتێ مرۆڤ ئەبیتە سەرۆكیك ئە بێ ئامادەبێ بەرەورووی هەموو شتیك ببیتەوە ،منیش ئامادەم بۆ ئەوە . ئنجا رووی دەمی كردە خویندكارەكەو وتی :

لەوانەیە ئەمە بوێرانەترین پرسیاریكبووبی بەدرێژایی ژیانت ؟

خویندكارەكە سووربوو لەسەر ئەوەی وەلامیكی وردی ئەوێ و وتی :

- ئایا ئامادەی بۆ مردن لە پیناوی مەبدەئەكەتدا( كە دیارە مەبەست دەسەلاتەكەیەتی )؟

سەرۆكی روسی وتی :

- ئەگەر وەلامیگی وردت ئەوی ، بە دلنیاییەوە ئەلیم : بەلێ ئامادەم .

لیرەدا هەڤپەیڤینەكە تەواوبو *.

منیش ئە پرسم :

- ئایا راستە هیچ هۆیەك نیە بۆ هەلگیرسانی شۆرشیك لە روسیا ؟ ئایا سەرۆكیكی فامیدە لە روسیا یا لەهەر ولاتیكیكەی وەك روسیا كە شلپەیدێ لە گەندەلیدا ئەبێ بەوجۆرە خۆی هەلخەلەتینێ و وەلامیكی وەها بداتەوە !؟ ئایا ئەم وەلامەش وەك وەلامەكانی بن عەلی و موبارەك و قەزافی و ئەسەد نیە ؟ ئنجا بۆ ئەبێ مرۆڤ دڵی بەوەخۆشبێ سەرۆكایەتی ولاتیكی گەندەلبكات و چاو لە گەندەلییەكانی بپۆشێ و واشبزانێ تاسەر بۆیئەچیتە سەر!؟ ئایا شۆرشی فەرەنساو شۆرشی ئوكتۆبەرو هەرەسی دەولەتی عوسمانی و 14 تەموزی عیراق و چەندین و چەندین شۆرش و را پەرینیتر، بەرئە نجامی گەندەلی نە بوون ؟ دوایئەوە ئایا ئەم روسیایەی بەدریژایی تەمەنی قەیسەری و سۆڤیتی و ئیستاشی ، سەرچاوەی زۆرو ستەم نەبوەو نیە لە نەتەوە جۆربەجۆرەكانی ناو و دەری قەوارەی ئەو رژیمانە بە نەتەوەی كوردی ستەمدیدەشەوە كەلەژیر سیبەری ئەو رژیمانەدا كرا بەقوربانی بەرژەوەندیی دەولەتە داگیركەرەكانی كوردستان وەك چۆن ئیستا روسیا بۆتە پاریزەری ناشیرینترین دیكتاتۆرەكانی جیهان ؟

**دوا پرسیار : ئایا بۆئەبێ لە پیناوی کورسیی دەسەلاتیکدا ،هەر دەسەلاتیك ، مرۆڤ تەمەنی دریژی خۆی کورتکاتەوەو بەر مەترسیی لەسیدارەدان و نەفرەتی نەتەوەکەی و میژووش بکەوێ !؟**

*** هەڤپەیڤینەکە لە سایتی فرانس 24 ەوە وەرگیراوە ( [www.france24.com](http://www.france24.com) ) لە 25ی مانگی 1ی 2012 بلاّو کراوەتەوە.**